# گوێ ڕایەڵی زەنگی دەرگام!

عوسمان ـــ م

دوێنێ شەویشم وەک هەمیشە بێدار و ئیشکچی یادت بوم و سەحەر فریام کەوت. تا سەحەر ئەندێشەم سپاردە گێژاو و شەپۆلەکانی عەشقت و فانۆسی ڕوئیام بە قاژوە کۆچەرەکان سپارد تا لە کاتی تێپەر بون لە ئاراستەی ئاسۆ دا پەیامی نالەی تەنیاییم بدا بە گوێت دا.

دوێنێ شەویش وەنەوز لای چاوانم نەک هەر حەرام، تاوانیش بوو تا لە بێدەنگی زکری یادت بیر لە بزوتنی بەزەییت بکەم کە کەی و چلۆن بە نیگای گەرمی چاوەکانت و بزەی تەر و شیرینی لێوەکانت بێیت و لە حاست بەرامەی هەناسەت، عاشقت مەدهۆش بێت!

خۆم و هیوام چرکەکان ئەژمێرین و دەستی شەو ئەدەینە دەستی ڕۆژ و ڕۆژ بە شەو تا بەلکو ژوانگەی عەشقت بە هەڵەش بوبێت بکرێتەوە و شەم و پەپولە لێک ئاڵێن! شەم بگری و پەپولە لە ژێر فرمێسکە ئاگرینەکانی دا باڵی شادیی مەرگ ببزوێنێت. لە باخی تاسەباری سینەم دا بولبولی غەزەڵ بێژت دەعوەت ئەکەم بە نەغمەکانی شلەژانی دەرونم و ئوقرەی تاو گرتوم هێور بکاتەوە.

قەناری باڵ سوکی ڕەحمت بۆ سۆمای چاوەکانم دەعوەت ئەکەم تا لە قولاییان دا ئارام هەڵفرێت! ئەمجا ئەزانم بە کامە ووشە ڕەستەی مەغمەڵین دارێژم و ڕایخەمە ڕێگای گەرانەوەت!

لەم هەمیشە شەوەی جیایی دا تەنیا یادت چرای ڕوناکیم و بژێوی مانەوەمە! هێشتا لە ڕۆژی یەکەم لام شیرینتر و خۆشەویستتری! وەرەوە و تاقیم کەرەوە، تا لە بەزمی ئاهەنگت دا لە بری شوشەی شراب، شوشەی عومرمت بۆ بشکێنم!

دڵنیام لە تۆوە دورە تاوانی بێ وەفایی! ئەزانم تەلەسم کراوی! بۆیە دڵشکاو لە خاکم ئەگەوزێنی! تا دوا هەناسە بە هیوام و هەتاهەتایە کورەی سووتێنەری عەشقم بە دور لە نیگای گەرمیشت خامۆش نابێت! یاد و یادگارەکانت لە ناخی تەنگم دا هەتاهەتایە فەرامۆش نابێت!

تۆ ڕۆشتی و عەشقی من لەسەر دەرکەی، من مامەوە و بە یادی تۆ شەوانم ئەدەمە دەستی سەحەر. تۆ ڕۆشتی و تەنیا سەفەر بکەی، من مامەوە و تاجی عەشقت لەسەر ئەکەم! گەر سەحەر مەرگی هیوام بەرێتە گۆر، دڵنیا بە چراکەی شەوم لەگەڵ خۆم ئەبەم!

بەڵام دڵنیام نەک هێندە دور! دێیت و زەنگی ماڵەکەم لێ ئەدەی! بە بزە شیرینەکەت ئەبیتەوە بە هاودەمی دڵی تەنگم! دڵنیام دوای شەوێک لەگەڵ سەحەر پێ ئەنێیتەوە ناو ماڵەکەم و ئەبینی کە دار و دیوارەکانی بە دەمتەوە پێ ئەکەنن! دڵنیام دێیت و ڕابوردوە گرژەکان بە خاک ئەسپێریت! بە هەناسەت من و گولەکانی پەژموردەی بەر پەنجەرەکە ئەژیەنیتەوە و پاشان لەحزەکانی تەنیاییم سوێند بدە تا بزانی کە خۆشتم ویستوە و خۆشتم ئەوێ و هەر تۆم ئەوێ!!!